

# وەزیر و وەزارەت ... سەفیر و سەفارەت
# شەقشەقەن یان ........... دەستکەوت

## جەزا چنگیانی

شانازی نیە بۆ کورد کە لە بوونە سیاسیەکاندا خۆی بە گەورەترین میللەتی ئەم سەر زەمینە دادەنی و سکالاّ و کوڕووزانەی بیٚ دەوڵەتی دەکات . ئەگەر ئەو کرۆزانە و سکالاّ و سواڵە دبلۆماسیانە لە هەر ژوان و بۆارێکی سیاسیدا بێتە کرۆکی گفتوگۆیەك . بەرامبەرەکەمان بەزاریش پێمان نەڵێن , خۆتان گەوج و هیچ لەبارە نەبوون . ئەوە بە گلێنەکانیان پێمان دەبێژن . گۆناهی کیٚ یە کە ئێوەی 40 ملوینی و خاوەنی خاکی فراوانی پڕپتڕۆڵ و ئاو و ناوچەیەکی گەلێك گرنگی ئیستراتیجی بۆ دەوڵەتتان نیە ؟ هەموومان لە ئاستی وەڵامدانەوەدا ئیفلیج دەبین. ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە هەزار وەڵام بیت .دوو وەڵام لە هەموویان ڕاسترە :

1) کورد خاوەنی ئیستراتیجێتێکی نەتەوەی نیە .

2 ) تۆێژە خوێندەوارەکەی کورد زۆر لاواز و بێڕۆڵن و لە ئاستی ئەرکی ڕۆژ و نەگبەتی مرۆڤی کودریدا نین . ئەرکی ڕۆشنبیرکردنەوەی کۆمەڵگایان وەلاناوە . وەلانانی کۆمەڵگاو خستنە بەر ڕەشەبای بەرژەوەندی سەرۆك خێڵ ومرۆڤە دەروون بۆگەنە سیاسیەکان ... کارەساتەکان . ئەنفالەکان . ئاشبەتاڵە یەك لەدوای یەکان دەکەنە لاپەڕەی میژوو . لەم83 ساڵەی دوایەدا کە کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵی گۆڕانکاری بەسەرداهات ڕۆشنبیرانی کورد ڕۆڵی ڕەسەنی خۆیان نەبینیوە بۆیە دەبینین ڕوداوە میژوویەکان یەك لەدوای یەك و بە شێوەی تراجیدیای دڵتەزینەوە دووبارە دەبنەوە . ئەگەر لە دەوری ناونیشانی ووتارەکە دوورنەکەوینەوە بگەڕینەوە بۆ ڕۆڵی ئەو کەساییەتیە بە ناو سیاسی و خۆیندەوارانەی لە دەسەڵاتی چەقدا لە دروستبوونی عیراقەوە 1921 پۆستیان هەبووە .. تۆیژینەوەیەکی میژووی لە تەك دەسەڵاتی تاکی کورد لە چەقی ناسیونالیستی عەرەبدا ( بەغداد ) وەك وەزیر یان سەفیر بکەین . دەبینین ئەو کەسایەتیانە کە لە سەر بوونی باشوری کوردستان و پترۆڵەکەی گەیشتبوونە چەق نەك نەیان توانیبوو خزمەتێك بە مرۆڤی

کورد و کێشەکەی بگەیەنن . بەڵکو ببوونە دەستکێشی بەرژەوەندیەکانی گەلی سەردەستە و چاوچنۆکی ناسیونالیستی عەرەبی و شەقشەقەی ژێرکەری مرۆڤی ساکار و برسی و چەوساوەی کورد . ئەوانیش واتە عەرەبەکان ( بە هەموو توێژ و چین و ڕەنگە ئایدۆلۆژیەکانیانەوە بە کۆمۆنیستەکانیشیانەوە ) ژیانی خۆیانیان لە سەر چەوسانەوە و برسیکردنی گەلی کورد لە باشوردا بنیات ناوە . ئەمە غەریزەی بەردەوام بوونێکی نامرۆڤی وچاوچنۆکی و بیٚ ویژدانی مرۆ نیشان دەدا.
کە پەتۆبزی لە عەرەب مارە براین بۆ دەمکوتکردنمان لە وەزارەتەکانی عیراقدا چەند کەسانێکی بە ڕەگەز کوردیان وەك دیکوری لەشی سیاسی وولاتێکی ڕەنگاڵ گەلی دانا. ئەو دیکورانە ئەگەر چی وەزارەتی بەهێزیشیان هەبوایە هێندە تەمەنیان دەبوو تا بەرژەوەندی گەلی سەردەست ( عەرەب ) مۆڵەتی دەدا ( کوشتنی هەردوو جاشی کورد جەعفەر عەسکەری و بکر صدقی کە لە پلەی سەرۆك وەزیرانی عیراقیشدا بوون ) نمونەیەکی بەرجەستەکراوی میژووین . پیویست ناکات میژووی وەزارەتەکانی عیراق ( السید عبدالرزاق الحسینی و تاریخ الوزارات العراقیە ) تاوتوی بکەین . بزانین ئەو کەساییەتیە بەڕەگەز کوردانەی وەزارەتیان لە حکومەتەکانی عیراقدا پیسپیراوە چ ڕۆلێکیان لە ئارامکردنەوە و کەمکرنەوەی گرفتەکانی مرۆی کورد بینیوە ؟ دەستکەوتی شۆرشەکەی مەلا مستەفا وڕێکەوتنامەی نێوان پارتی و بەعس .چەند وەزرێکی دیکۆر بوون بۆ ماوەی چوار ساڵ. لە کاتی بوونیاندا لە چەق هیچ ڕۆڵێکی سیاسیان نەبینی لە دیکۆر زیاتر .
لە دوای ڕاپەڕین و دواجار ڕمانی دڕندەکەی بەغدا و فراوانی بۆار و گۆڕەپانی سیاسی بۆ کورد دەبوایە داخوازی کورد بۆ هاوبەشی لە دەسەڵاتی سیاسی عیراقدا خۆی لە دامەزراندنی (تعین) کردنی چەند وەزیری و سەفیریکدا قۆرخ نەکردایە .قەوارەی قوربانی و کارەساتە نامرۆیەکانی گەلی کورد لە عیراقدا هێندە قەبە و نامرۆڤی یە پیویست بوو. سەرکردایەتی کورد ( تاڵەبانی و بەرزانی ) هێندە گەوج نەبوونایە ویستە سیاسیەکانیان لە دامەزراندی چەند وەزیرێکدا قورخ بکردایە. لای هوشیاران ئاشکرایە گۆڕینی وەزیریٚ یان سەفیرێك ئاسانترە لە گۆڕینی پێچکەی (تاییەی ) ئۆتۆمۆبیلێك .
سەرۆك وەزیرانی هەر وولاتێك دەتوانی بە بڕیاێکی وزاری و چەند دێرێك نوسین وەزیر یان سەفیرێك لابەرێت . بەڵام بۆ گۆڕینی پێچکەی ئۆتۆمۆبیلێك دەبیٚ 5 , 6 برغوی قایم بکەیتەوە . جەگدانی و دواجار ڕێژەی هەوای پێچکەکەش بپێوی . بێدەنگی کورد لە پێلێشکردنی مافەکانی بە هۆی چەند دیکۆرێکی کوردی لە وەزارەتەکاندا کارەساتە بە ئەسپایی دەبێتە لاپەڕەی میژوویەکی تەڵخی داهاتوو . تاکەی ئێمە بیٚ ئایندە ولە سەر خاکی خۆمان میوان وکەساس بژین ؟ چەندی جار ئێمە خەبات بکەین ولە کاتی دانوساندن و ڕێکەوتندا لە تەك دژە بوونمان ( ناسیونالیستی عەرەبی ) بیٚ بەرنامە و ئیستراتجێتێکی نەتەوەی بە هوی چەند وەزیرێکەوە پاشقول لە زەمەن و میژوو . دواجار مرۆڤی کەساسی کورد بگرین ؟. ئەو ڕێکەتنامانەی لە تەك ئۆپۆزسیوینی عیراقی و دواجار بڕیارەکانی مجلیسی حکوم لە عیراقی دوای صدامدا تائیستا هیچی نەك پیادەنەکراوە بەڵکو هەنگاوی پۆزەتیفیشی لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ نەنیراوە . ئەوەی دیار بێت ئەو کەساییەتیە بەناو کوردانەن پۆستی وەزرەتیان لە ( حکومەتی کاتی ) عیراقدا پیسپردراوە . زۆر دور نیە دوای دامەزراندنی حکومەتی پتەوەی عیراق و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی و نیودەوڵەتی بۆ ناسیونالیستی عەرەبی گشت ئەوکەسانەی ئیستا وەك دیکوری لەشی سیاسی بونیان هەیە لە

کارەکانیاندا دەربکرین .وەك وەزیرەکانی پیشوی عیراق . دەستکەوتی گەلی چەوساوە بە بوونی چەند وزیر و سەفیرێك داین ناکریت . بەڵکو بەدارشتنی یاسایەکی بنەرەتی و پرۆتۆکۆلێکی نێو دەولەتی مسۆگەر دەبێت . ( گرنگی سیاسەت لە وەدایە , دەستکەوتی سیاسی هەبێ .کەسی سیاسیش لە جێگە وپلەی سیاسیدا دەبێ رۆڵی سیاسی ببینێ , نەك دیکۆر ) گەلی کورد لە باشوردا خەباتیکردوە بۆ بەدەستهێنانی مافە مرۆییەکانی نەك دامەزراندنی چەند مووچەخۆرێك . بەپێ ئەم پرینسیبە سیاسیە. ئەوەی ئیستا لە نزیك چەقی بەغداوە هەواری حەزی وەك وەزیر هەڵداوە . دکتور بەرهەم (جێگری سەرۆك وەزیرانی کاتی عیراق و دکتور رۆژ نوری شاویس جێگری سەرۆك کۆماری کاتی ) ئەم دووانە کە خەڵکی سلیمانین دکتور رۆژ نوری شاویس پەروەردەی کۆڵانە تەنگەبەرەکانی گەرەکی صابونکەران و کورە وەزیری سەردەمی بەعس وریکەوتنامەی 11 ئازار 1970 ( نوری شاویس ) . دکتور بەرهەم خەڵکی گەرەکی بۆرجوازیەکانی سلیمانی عەقاری . کوری دادوەرێکی سلیمانی . زیباری وەزیری دەرەوە . نەسرین بەرواری هەر زوو ناوگەلی لە لایەن ناسیونالیستی عەرەبیەوە سوور کرا .ئەو خانمە ماف خۆیەتی چ پیاوێك بۆ ژیانی هەڵدەبژیری یان چۆن مامەڵە لەتەك جەستەیدا دەکات . سەردەم سەردەمی ئەوە نیە هیچ کەسێك دەستکاری و دەسنیشانی ئارەزووەکانی کەسێکی تر بکات ئەمە پێلێشکردنی ماف مرۆڤە لە ئاستی تاکدا ؟ وەلی ئەگەر کەرەکتەری ڤیگۆرێکی سیاسی رۆڵی لە پرسیاری گەلێکی چەوساوەدا هەبوو پێویستە کەرەکتەری ئەو کەسە بخرێتە ژیر رووناکی پرسیارەوە لەم روانگەیەوە قسەکردن لەسەر نەسرین خان و زەماوەندی بە کەساییەتیەکی پرێمتیفی دەسەڵاتێك کە چارەی کوردی ناویت گرنگە . شوکردنی وێنیەکە لە جاشی سەردەم . ئەو خانمە ناتوانی وەك خانمێکی وەزیری کورد ووشەیەك لە سەر کەساسی کورد بڵی چونکە میردەکەی جگە لەوەی عەرەبێکی راسستە و لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا . کابرایەکی پریمیتیفە بۆیە لە ماڵەکەیدا چوار ژنی بەستۆتەوە . خانمی نەسرین و سێ ژنەکەی تری یاوەر چۆن لەماڵدا بویان نیە قسە لە قسەی پیاودا بکەن ئاواش لە هۆڵی کۆبوونەوەی وەزیراندا نەسرین خانم ناتوانی تاقە ووشەیەك بلی کە کەلکی بۆ نەگبەتی کورد هەبێت . چونکە دەزانی بە پیی کولتوری یاوەری چوار ژن لە ماڵەوە دارکاری دەکرێت . ئەم خانمە گرگرتوە کە کەندیتاتی پارتیە . دەبوایە کاك مەسعود هەر زوو بیگۆریبایە بە خانمێکی کەرەکتەر کوردی هوشیار وەك خانمی مەهاباد قەرەداغی .ئەم ڤیگۆرە کوردیە سیاسیە و دیکۆرەکانی تری بەغداد هیچ رۆڵێکیان نیە ئەوەتا لە بەر دیدەی ئەمانەدا دەسەڵاتی کاتی عیراق یاسای 58 ی نەك جێبەجی نەکردوە بەڵکو لە ئاودەستدا دایان ناوە .لە بەرچاوی ئەم زاتە کوردانەدا لە 08٪ پارەی عیراق بۆ باشوری کوردستانی بێ کەرکوك و موصل و خانەقین دانراوە . وەك کورد سواڵیان لێبکات .کە رێژەی دەرهێنانی پترۆڵی عیراق لە بیرە پترۆڵێەکانی کوردستاندا 75٪ . بەکورتێکەی کورد هیچ دەستکەوتێکی بە دەستنەهێناوە . دڵنیاشم ( ئەو پۆستە وەزاری و سەفیرانەی ئیستا و تا ماوەیەکی تریش ) دەدری بە کورد چارەسەری گرفتی کوردی ناکات .... هیچ جیاوازێك لە نیوان نوری شاویس وەزیری 11 ئازار و کورەکەی رۆژ نوری شاویسی ئیستادا نیە .

چاوەروان دەکرێت بە هاتنی سەرۆك وەزیرانێکی راسستی ناسیونالیستی عەرەب بە برپارێکی وەزاری گشتیان بێکار بن .......

**ئەو جا میژوو پەنجەی ناوەڕاست بۆ کورد بەرزدەکاتەوە .**

فڕانکفۆڕت 2004/12/19

jazachingiani@hotmail.com

www.chingiani.de